www.kurdistannet.org
26-11-2006 13:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوژاندنەوەی مۆمی سێیەمین ساڵی تەمەنم... کانی هەڵەبجەیی

ئەمشەو
بەڵێ ئەمشەو
لەگەڵ کێشانی باڵی تارمایی بە ئاسماندا
لە تەك هۆنینەوەی گشت ڕۆژگارەکانم بە تەزووی یادگارییەکانت
لە ژووره چۆڵە تەسکەکەمو
لەسەر مێزه شکاوه تەنیاکەم
من سێ مۆم دادەگیرسێنم
بەڵێ سێ مۆم
یەکێکیان بۆ ڕۆژی یەکتر ناسینمانو
یەکێکیش بۆ یەکەم جار ووتنی 'خۆشم ئەوێی' بە یەکدی
ئەوی تریش لە بۆ ڕۆژی لێکدابران
لەوانەیە ئێستا لێم بپرسی تۆ چەن ساڵی تا سێ مۆم داگیرسێنی
لە وەڵامدا نەك تەنها خۆم
سات بە ساتی تەمەنم
تنۆك تنۆك ئەسرینی ڕژێنراوم
ئەمجا گشت ماچە نەکراوەکانم
پێت دەڵێن من سێ ساڵە لە دایك بووم
گشت ئەو شەقامانەی ڕۆژێ من بە دوو چاوی ئەشکاوییەوە
ڕوم تێکردوون
یەك بە یەکی ئەو گەڵا زەردانەی بە ئەمری عومرم
ماچم کردوون
لەگەڵ هەموو ئەو پێکانەی لە دووری تۆ
بە تەزیوی نۆشم کردوون
پێت دەڵێن سێ ساڵە لە دایك بووم
بەڵێ سێ ساڵ
سێ ساڵی ڕەشو ڕەنگاوڕەنگ
هەر کە گڕی شەمێکت لە لاواچی ژورەکەما بەدی ئەکرد
ئەهاتیو بە هاناسەت فووت لێ دەکردو دەتکوژاندەوە
تاکو ڕەنگی ژورەکەم بسڕیتەوە بە تاریکی
هەر کات سوراوت بە لێومەوە نیگا کردایە
ماچێکت بۆ ئەناردو ڕەنگی ئەویشت مات دەکردەوە
سێ ساڵە هەموو ڕۆژێ دەستت ئەنێیتە قورگمو
هەولی خنکاندنم ئەدەی
سێ ساڵە هەروەك مارەکەی سەرشانی زوحاك
هەموو ساتێ لە خوێنی کاڵم ئەخۆیتەوە

کەچی منیش لە ڕۆژی لە دایك بوونمدا تەنها سێ مۆم دادەگیرسێنم
چون سێ ساڵە بە منت وتووە خۆشم ئەوێی
بۆچی هاتی؟ بۆ لە خەو هەڵتساندم
بۆ چاوی کوێری منت بەرامبەر ژیان کردەوە
من دڵم بەردێ بو لە نێو ئامێزی کانی دێکەتان
بۆ کردتە دڵۆپێ ئاوو هەوڵتدا بێوەفایی ناخی خۆتی پێ بشۆیتەوە
ئەی نەدزانی دڵی من هێند دڵۆپێکی ڕوونو پاکە
ڕەنگی ڕەش قەقنەزی بێ وەفایی کاڵ ناکاتەوە؟
بەڵام ئەمشەو
ئا ئەمشەو
لەگەڵ کوژاندنەوەی مۆمی یەکەمدا
یادگارییەکانت لەگەڵ دڵما ڕەوانەی خاك ئەکەم
لەگەڵ خامۆش کردنی مۆمی دووەمیشدا
جەستەو ڕۆژگارم تور ئەدەمە باوەشی پایزێکی مردووەوەو
تۆش وەرە بەهارێکی سەوز بۆ خۆت هەر لەوێدا دابهێنە
ئەمجا کاتێ فوو لە مۆمی سێیەم ئەکەم
خاچێك ئەدەمە سەرپیلمو گۆشەیەکی گچکە لە خاك هەڵئەکەنم
زۆر زۆر قول هەڵی ئەکەنم
نەوەك گەر ڕۆژێ سەردانت کردم هەست بە ترپەکانی دڵت بکەم
یان کاتێ باوەش بە مەزارەکەمدا ئەکەی هێندە بگریت
کە گوێم لێبێت لە ئامێزی خاك ڕاکەمو بێم فرمێسکەکانت بسڕم
ئەوەنە قوڵ هەڵی ئەکەنم
لە گشت ڕوداوەکانی سەر زەوی بێ ئاگا بم
تاکو لە ئەو هەموو درۆیانەی مرۆڤ دوور بم
یان ئاگام لە گریانی هیچ کیژۆڵەیەکی خۆم ئاسا نەبێ
کە لە داخی بێوەفایی بانگی مەرگ ئەکات
هێند قوڵ هەڵی ئەکەنم
گوێم لە زمایشی دایکم نەبێت کاتێ دێتە سەر گۆڕەکەم
یان ئاگام لە فرمێسکە وشکەکانی باوکم نەبێ بۆ بێنازیم
بۆ ئەوەشی گوێبیستی زریکەو هاواری خوشکەکانم نەبمو
برا تاقانەکەشم بە شکاوی قەت نەبینم
زۆۆۆۆۆۆر زۆۆر قوڵ هەڵی ئەکەنم
دوواییش لە کاژی دەروونی خۆم کفنێکی سپی بە فرمێسکە ئەندۆکانم ئەدروم
لەبەری خۆمی ئەکەمو خۆم تور ئەدەمە ئەو گۆڕە قوڵەی کە هەڵمکەند
باش فوو لە خۆڵو گڵی ئەو ناوە ئەکاو بەسەر جەستەمدا ئەیپرژێنێو
منیش هەر لە ڕۆژی لە دایك بوونمداو لەگەڵ کوژاندنەوەی سێیەمین مۆمدا
ڕۆحم ماڵئاوایی لە ژین ئەکات
وەفاداری ئەکەمە مەلایەکو

کەسەریو ئەسرینیش ئەکەمە شایەتەکانو
هەنیسکیش هەلهەلە لێ ئەدا
لە کاتێکدا وەفا دڵم لە مەرگ مارە ئەکات
ڕۆژی 19-11-2006 نوسراوە بۆ ڕۆژی 22-11-2006

هۆڵندا
kani_awin@hotmail. com